بەش: پەوەردەی وەرزشی

کۆلێژ: پەروەردە/ شەقلاوە

زانکۆ: سەلاحەددین

بابەت : شمشێربازی (المبارزة - Fencing)

پەرتووکی کۆرس: قۆناغی سێیەم (سمستەری دووەم)

ناوی مامۆستا: م.ی کاروان رسول حسن

پلەی زانستی: مامۆستای یاریدەدەر

ساڵی خوێندن: 2023 – 2024

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | شمشێربازی |
| ٢. ناوی مامۆستای بەرپرس | م.ی کاروان رسول حسن |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | پەروەردەی وەرزشی/ کۆلێژی پەروەردە – شەقلاوە |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل: karwan.hassan1@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن 0751 538 6990 |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | پێنج کاتژمێر لە هەفتەیەکدا |
| ٦. ژمارەی کارکردن | لە هەفتەیەکدا پێنج کاتژمێر وانەوتنەوە. |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | **م.ی کاروان رسوڵ حسن :**<br><br>- بەکالۆریۆس لە پەروەردەی وەرزشی، کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان / زانکۆی سەلاحەدین (٢٠٠٧-٢٠١١).<br><br>- ماستەر لە دەروونناسی وەرزشی. سکوڵی وەرزشی ، زانکۆی کاردیف مێترۆپۆلیتان ، بەریتانیا (٢٠١٥) .<br><br>- قوتابی دکتۆرا لە ئێستادا لە زانکۆی صلاح الدین – کۆلێژی پەروەردەی جەستەیی و زانستە وەرزشیەکان، لە پسپۆری دەروونناسی وەرزشی |
| ٩. وشە سەرەکیەکان | مێژووی شمشێربازی ، جل و بەرگ و ئامێرەکانی یاریزانی شمشێربازی ، پێسویستیە جەستەییەکانی یاریزانی شمشێربازی ، ماوەی نێوان یاریزانان ، ناوبژیوانی لە یاری شمشێربازی ، گرتنی شمشێر ، باری بنەڕەتی ، باری ئامادەبوون ، جوڵەی طعن. |

١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

**گرینگی خوێندنی کۆرسەکە:** وانەی شمشێربازی وەک زۆربەی وانە پڕاکتیکیەکانی تر گرینگی تایبەتی خۆی هەیە کە لە بەشی پەروەردەی وەرزشی دەخوێندرێن . مامۆستای بابەت هەڵدەستێ بە ڕوونکرنەوەی لایەنی تیۆری و ئەنجامدانی لایەنە کرداریەکانی یاری شمشێربازی بۆئەوەی قوتابیان بگەن بە ئاستێکی باشی لایەنی تیۆری و کرداری چونکە ئەم یاریە یەکێکە لە یاریەکانی ئۆلۆمپیاد و یەکێکیشە لەو بابەتانەی کە لە قۆناغی سێیەمی بەشی پەروەردەی وەرزش دەخوێنرێت . قوتابیان دەتوانن سوود لە هەردوو لایەنی تیۆری و کرداری ببینن بۆئەوەی لە

داهاتودا لە دوای دەرچونیان لە کۆلێژ و بوون بە مامۆستا یاخود یاریزان یان ڕاهێنەر لە قوتابخانە یاخود یانەیەک ئەو زانیاریەی کە وەریگرتووە بیگوازنەوە و بڵاوی بکەنەوە و سوودی لێوەربگیرێت ، چونکە لە هەرێمی کوردستانیش یەکیەتییەکی تایبەت بە یاری شمشێربازی هەیە کە لە ساڵی ٢٠٠٦ ە وە دامەزراوە . دەکرێت لەرێگەی ئەم ناوەندەوە یاری شمشێربازی زیاتر پەرەی پێبدرێت.

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**

١ . قوتابیان فێری بنەماکان و سروشتی وەرزشی شمشێربازی دەبن بە شێوەیەکی گشتی .
٢ . فراوانکردنی ئاستی ڕۆشنبیریی وەرزشی قوتابیان بۆ یاری شمشێربازی .
٣ . ئاشناکردنی قوتابیان بە لایەنی ناوبژیوانی و پێویستیەکانی .

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

پێویستە قوتابی پابەندی ڕێنماییەکانی وانەی شمشێربازی بێت .
پێویستە بگەرێتەوە بۆ پەرتوکی شمشێربازی بۆ زانیاری پێویست .
گفتوگۆکردنی ئەکادیمیانە دەربارەی بابەتەکە بۆ زیاتر دەوڵەمەند کردنی بابەتەکە لە نێوان (قوتابی و مامۆستا)

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

بەکارهێنانی چەند ڕێگایەک بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی لایەنی کرداری . وەکو فێربون لەرێگەی هاوەڵ و فێربوون بە نموونەوە و فێرکردن لە ڕێگەی ئامرازەوە وەکو (داتاشۆ ، ڤیدیۆ ، تەختەی سپی و وێنەی هەڵواسراو) بۆ زیاتر ڕونکردنەوە و ئاشنابوونی قوتابیان بە بابەتەکە .

**١٤. پێوەری هەڵسەنگاندن**

قوتابیان بە هەردوو رێگەی تیۆری و پراکتیکی هەڵسەنگاندنیان بۆ دەکرێت

| | |
|---|---|
| تاقیکردنەوەی تیۆری | ٨ نمرە |
| ٢ تاقیکردنەوەی کرداری هەریەکەیان لە ٨ نمرە | ١٦ نمرە |
| بەشداریکردنی لێهاتویی لە کارامە و مەشق | ٦ نمرە |
| شیکردنەوەی کارامە | ٥ نمرە |
| ئامادەبوونی قوتابی لە وانە | ٥ نمرە |
| کۆی گشتی (کۆشش) | ٤٠ نمرە |

دواتر تاقیکردنەوەی کۆتایی سیمستەری دووەم کرداری لەسەر ٤٠ نمرە ، وە تاقیکردنەوەی تیۆری لەسەر ٢٠ نمرە . کە تێکرای نمرەکان دەکاتە (١٠٠) .

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

قوتابی لە رێگەی ئەم کۆرسەوە بوارێکی بۆ دەرەخسێت کە فێری ئەم یارییە ببێت کە دەکرێت سوودی لێوەربگرێت بۆ دوای دەرچوون ، کە زۆرێک لە قوتابخانە تایبەتەکان و بەشێک لە قوتابخانە حکومیەکان ممارەسەی ئەو یاریە دەکەن . دەتوانێت یاریزانی باش پێبگەیەنێت و هەروەها دەشتوانێت لە هۆڵەکانی تایبەت بە یاری شمشێربازی پەرەی زیاتر بە یاریەکە بدات .

**١٦. لیستی سەرچاوەکان:**

بیان علي و اخران؛ اسس رياضة المبارزة،(بغداد، دار الأرقم للطباعة ،٢٠٠٩)
عبدالهادي حميد و عبدالكريم فاضل؛ رياضة المبارزة،(بغداد، مكتبة الوطنية للطباعة، ٢٠٠٨)

| ناوی ماموستایانی وانەبێژ | ١٧. بابەتەکان | |
|---|---|---|
| م.ی کاروان رسول حسن<br><br>ئاری (هەڵگری بڕوانامەی ماستەر)<br><br>هەفتەی ٥ کاتژمێر | تایبەتەکان | هەفتەکان |
| | ڕێنماییەکان ، ڕونکردنەوە لەسەر کۆرسەکە ، جۆرەکانی چەک لە یاری شمشێربازی ، پیشاندانی یاری شمشێربازی . | هەفتەی ١ |
| | ڕونکردنەوەی باری بنەڕەتی ، باری ئامادەبوون (ئۆنگارد) بەبێ چەک | |
| | ڕونکردنەوەی گرتنی چەک ، سڵاوکردن ، دوبارەکردنەوەی کارامەکانی پێشوو بە چەکەوە | |
| | ڕونکردنەوەی جوڵەی پێیەکان (چونەپێش "مارشێ" و گەڕانەوە "ڕۆمبێ") . ئاسایی – پێچەوانە – بە بازدان ، جوڵەی چونەپێشی ئاسایی هەنگاوی تەواو | هەفتەی ٢ |
| | جوڵەی پێیەکان ، جوڵەی گەڕانەوەی ئاسایی - هەنگاوی تەواو | |
| | جوڵەی مارشێی ئاسایی + ڕۆمبێی ئاسایی (دوو هەنگاو) | هەفتەی ٣ |
| | پێویستیە جەستەییەکان ، سیفەتە تایبەتیەکان ، جل و بەرگ و ئامێرەکان ، یاریگا و پێوانەکان ، پێوانەی چەکی شیش . | |
| | شیکردنەوەی جوڵەی طعن ، گەرانەوە بۆ باری ئامادەبوون . | هەفتەی ٤ |
| | مارشێ و طعن + ڕۆمبێ و طعن | |
| | مارشێ دوو خطوە و طعن + ڕۆمبێ دوو خطوە و طعن | |
| | تاقیکردنەوەی کرداری یەکەم | هەفتەی ٥ |
| | ماوەی شمشێربازی – هێڵەکان و بەرگریەکان | هەفتەی ٦ |
| | تاقیکردنەوەی تیۆری | هەفتەی ٧ |
| | بەرگری – بنەمای بەرگری – بارەکانی بەرگری – جۆرەکانی بەرگری – ڕێگاکانی بەرگری | |
| | جوڵە سەرەتاییەکان بۆ هێرش کردن (هێرشە نوکیەکان +گرتە نوکیەکان) | هەفتەی ٨ |
| | هێرش کردن – جۆرەکانی هێرش کردن – پێناسەی زاراوەکان – هێرشی سادە (ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) | |
| | زاراوەکانی هێرشی تێکەڵاو – هێرشی تێکەڵاو (ژمارەیی و بازنەیی) – بەرگری | هەفتەی ٩ |
| | هێرشی پێچەوانە (خێرا و تێکەڵاو) – پەیوەندی نێوان هێرشی پێچەوانە و بەرگری | |
| | ناوبژیوانی (ئاسایی و کارەبایی) – بەرپرسیاری دەستەی ناوبژیوانان (سەرۆک ، یاریدەدەران ، کات گرەوە ، تۆمار) چۆنیەتی بەرێوەبردنی یاری . | هەفتەی ١٠ |

| | | |
|---|---|---|
| | هەڵە و سزاکان | |
| | هێماکانی ناوبژیوانی – جێبەجێکردنیان | |
| | تاقیکردنەوەی کرداری دووەم | هەفتەی ١١ |
| | ئەنجامدانی یاری و جێبەجێکردنی کارامە بنەڕەتیەکان + ناوبژیوانی | هەفتەی ١٢ |
| | جێبەجێکردنی یاری ڕێککەوتن + ناوبژیوانی | |
| | تاقیکردنەوەی کردری کۆتایی | هەفتەی ١٣ |
| | تاقیکردنەوەی کرداری کۆتایی | هەفتەی ١٤ |

١٨. نییە

١٩. تاقیکردنەوەکان

پرسیاری نموونەیی

پ١ / ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە ووشەی گونجاو پڕ بکەرەوە .

١- لە تایبەتمەندیەکانی یاریزانی شمشێربازی بریتییە لە ١) ......... ٢) .........

٢- یەکێتی ناوەندی شمشێربازی لە ساڵی ........ دامەزرا .

٣- بەگوێرەی پەیڕەوی دەرچونی ڕاستەوخۆ ماوەی یاری ......... خولەکە و ژمارەی خاڵەکان ...... خاڵە .

٤- درێژی تەواوی چەکی شیش ............... سم ، وە کێشەکەشی ............ کغم .

٥- مارشێ ، جوڵەکردنە بۆ ......................

پ٢ / پێکهاتە تایبەتە جەستەییەکانی یاریزانی شمشێربازی چین ؟ بیانژمێرە و باسی یەکێکیان بکە .

پ٣ / یاریگای شمشێربازی بە وێنە بکێشە و پێوانەکانی لەسەر دیاری بکە .

٢٠. تێبینی تر

٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ